(Kurdi-Sorani)

# خەو و حەسانەوە(پشوودان)

## - خەوی باشی شەوانە هاوسەنگی  بیر و زەین تیژی دەپارێزێت

**بۆچی خەو  گرینگە؟**

لە کاتی خەودا مێشک رووداوەکانی رۆژ هەڵلاجی و تەتەڵە دەکات و بابەتە گرینگەکان لە بەشی درێژخایەنی بیر و زەیندا تۆمار دەکات.  سڵامەتی و لەشساغی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە خەوی باش و گونجاو.

**بیر و زەینی مرۆڤی شەکەت و ماندوو، لە کار و تێکۆشاندا هاوتای مرۆڤێکی حەساوە نییە.**

### گرینگترین ئەرکەکانی خەو بریتین لە:

دەرکردنی و سڕینەوەی ماندوویەتی مێشک




پارمەتیدەری فێربوون و پتەوکردنی بیر و زەینە






هاوسەنگی سڵامەتی و لەشساغی جەستە و ناخ  رادەگرێ

توانای بیر و زەینی مرۆڤی ماندوو بە رێژەی مرۆڤێکی حەساوە  نییە. شەو  بە رێژەی گونجاو، واتە  ٧ یان ٨ سەعات بخەوە!



نیگەرانی و خەمەکان رەنگە خەوت بزڕێنن یان تووشی بێخەویت بکەن. شەوانە نیگەرانی و خەمەکان گەورەتر لە قەبارەی خۆیان دەردەکەون.




ئەگەر بێخەویەکەت ئازارهێنەرە و هیلاکی کردووی، سەردانی دوکتۆر بکە. گرفت و کێشەی بێخەوی، ریسکی(مەترسی) تووشبوون بە  نەخۆشیەکان زیاتر دەکات.

### یاسای ٨ کاتژمێرت لەبیر بێت

٨ کاتژمێر بۆ خەوتن.



٨ کاتژمێر کاتی تایبەت بە خۆت و ئارامی دڵ و دەروون.



٨ کاتژمێر لە شەو و ڕۆژ مێشک بە کار و تێکۆشان سەرقاڵ بکە.



# چەند خاڵێک بۆ خەوێکی باشی شەوانە




تەختی خەوی گونجاو، دۆشەک،
پەتو، سەرین و سەرچەفی خاوێن
بەکار بێنە.




ڕێکوپێکی بەرنامەی کاری ڕۆژانە خەوی
شەوان مسۆگەر دەکات.



خواردنەوە ئەڵکۆڵیەکان
کاریگەری نەرێنی و خەراپ لە
سەر خەو دادەنێن.



لە ماوەی ڕۆژدا، ٢ یان ٣ کاتژمێر
بۆ وەرزش و جوڵەی جەستە
تەرخان بکە (لە بیر بێت، کە پێش
کاتی خەوتن ئەنجامدانی جوڵەی
لەش و وەرزش ڕەنگە خەوت
بزڕێنێ).







ئێواران خۆت لە
خواردنەوەی شلەمەنی زۆر
بپارێزە و لە خواردنەوەی
قاوە و کۆلا خۆت ببوێرە.
ڕەنگە ئەو خواردنەوانە
خەوی شەوانە بزڕێنن.



لە ژوور یان هۆدەیەکی
تاریک، فێنک و ئارامدا
بخەوە.



خواردن و خوردانەوە بەکەڵک و سوودبەخشەکان بە گوێرەی بەرنامەیەکی
ڕێکوپێک، شوێنەواری ئەرێنی و باش لە سەر خەوی مرۆڤ دادەنێن.



کات بۆ کاروباری ئێواران و
هێوەربوونەوە(ئارامبوونەوە) تەرخانە بکە.

Lähteet: Kohti parempaa aivoterveyttä-opas aivojen hyvinvointiin, Kouvolan seudun muisti ry.
Opas hyvään uneen, Suomen Unihoitajaliitto. www.unihoitajat.fi
www.muistiliitto.fi | www.muistisalo.fi
Kuva ja taide: Karen Cipre | karencipre.deviantart.com

MEMONI-PROJEKTI
MONIKULTTUURINEN MUISTI 2016- 2019
Salon Muistiyhdistys ry
Muistiliiton jäsen
TUETTU VEIKKAUKSEN TUOTOILLA